بەناوی خوای بەخشندەو میهربان
بەناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٣١
ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٧/١١/٦

«بڕیار»

بە پێی حوکمەکانی بڕگە «١»ی ماددە «٥٦» لەیاسای ژمارە «٢١»ی ساڵی ١٩٩٢و بڕگە «١»ی ماددە «٤٠» لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراوداو لەسەر داوای دەسەڵاتی دادگەریی تایبەتمەند (السلطات القضائية)دا کە بەنووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە«٦٣٦» لە ١٩٩٧/١٠/٢٣دا بۆمان هاتووە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٧/١١/٦دا ئەم بڕیارەی دا:

١ـ ڕێ دان بە دەسەڵاتی دادگەری تایبەتمەند (السلطات القضائية المختصة) بۆ وەرگرتنی کرداری یاسایی «اتخاذ الاجراءات القانونية» دەرهەق بە دوو ئەندامی پەرلەمان (عبدالله رسول علی «کۆسرەت»)و (مصطفى سيد قادر) لەسەر ئەو تاوانە کە دراوەتە پاڵیان بەگوێرەی ماددە «١/٤٠٦» لە یاسای سزادان (العقوبات) ژمارە «١١١»ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو بەکوشتنی ٤٦ پێشمەرگەی «پارتی دیموکراتی کوردستان» کە دوای بەدیل گرتنیان لە شارۆچکەی ڕانیە بەبەرچاوی دانیشتوانەوە گوللە بارانیان کردن شەوی ١٣ـ ١٩٩٦/١٠/١٤.

٢ـ ئەم بڕیارە لەمێژووی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهربان
بەناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق
ژمارەی بڕیار: ٣٢
ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٧/١١/٨

«بڕیار»

بەپێی حوکمەکانی بڕگە «١»ی ماددە «٥٦» لەیاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر بەرچاوخستنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ئەنجوومەنی نیشتمانیی لەدانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٧/١١/٨ دا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد:

١ـ ڕاگرتنی «تجميد» یاسای ژمارە «٦٤»ی ساڵی ١٩٨٥ ، یاسای باجی جێماوەکان (**قانون ضريبة التركات**) لە هەرێمی کوردستان تاکو ماوەیەکی تر.

٢ـ کار بە هیچ دەقێکی هاو دژی حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکرێ.

٣ـ ئەبێ وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

٤ـ ئەم بڕیارە لەرۆژی دەرچوونەوە کاری پێ دەکرێ و لەرۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**